# ڕێزمانی کوردی

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

بۆ پۆلی
شەشەمی
سەرەتایی

# ڕێزمانی کوردی

بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی


نووری عەلی ئەمین — شێخ موحەممەدی خاڵ
موحەممەد مستەفا کوردی — کامیل حەسەن بەسیر


دایاننناوە


چاپی ٢٧ — ساڵی ١٩٩٢ ز


---

دیاری بۆ منداڵانی کوردستان
لە لایەن
ئەنستیتووی کورد لە پاریس و فۆنداسیۆنی فەرەنسا-ئازادی و
جووڵانەوەی کرێکارانەی نەرویجی

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژیـــــن
بێکەس

سەرپەرشتی چاپ : کریم مولود حمه صالح

# ناوەرۆك

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | ناوەرۆك |
| ٥ | سەرەتا |
| ٧ | ڕستە |
| ١١ | جۆرەکانی ڕستە |
| ١٦ | بنچینەکانی ڕستە ( بەشی نیهاد ، بەشی گوزارە ) |
| ٢٢ | بکەر ــ فرمان |
| ٢٩ | تەواوکەر |
| ٣٦ | فرمان ( زەمان ــ کەس ) |
| ٤٠ | فرمان ( کەس ، تاك ــ کۆ ) |
| ٤٥ | دەمەکانی فرمان ( فرمانی ڕابوردوو ) |
| ٥٠ | دەمەکانی فرمان ( فرمانی ڕانەبوردوو ) |
| ٥٤ | دەمەکانی فرمان ( فرمانی داخوازی ) |
| ٦٠ | فرمان ( تێنەپەڕ ــ تێپەڕ ) |
| ٦٤ | ڕاناوی سەربەخۆ |
| ٦٩ | ڕاناوی لکاو |
| ٧٥ | ڕاهێنانی گشتی |
| ٨٠ | فەرهەنگ |

# سـەرەتا

**مامۆستایانی بەڕێز :**

ئەو تێبینیو پێشنیارانـەی کە لە بلرەی ئـەم ڕێزمانەوە ناردبووتان ، هەموویمان هەڵسەنگاندو بەشی زۆریان بەسوود بوو ، بۆیە :

تەتەڵەیێکی باشمانکردو هەندێ لە زاراوەکانیمان گۆڕیو تاووتویەکمان لە بابەتەکانیدا کرد ، هەتا خستمانە سەر ئەو بارەی کـە دەیبینن . ئەنجا ئێوەش هەر تێبینییەکتان دەبـێت بینووسنو بۆمانی ڕەوانـە بکەن هەتا لە چاپەکانی ئایندەدا ڕاستیان بکەینەوە . هەروەهـا لە دوای هەر وانەیەکەوە فەرهەنگێکمان بۆ ووشەگرانەکانو لێکدانەوەیان داناوە .

بەرنامەو کتێب

# ڕسته

**پەڕۆ کۆن کۆ دەکرێتەوە ،**
**ئەنجن ئەنجن دەکرێت ،**
**دەبرێت بۆ کارگە ،**
**لە مەنجەڵێکی گەورەدا دەکوڵێنرێت ،**
**هەتا دەبێت بە هەویرێکی شل ،**
**هەویرەکە ئاوەچۆڕ دەکرێت ،**
**ئەنجا دەکرێت بە کاغەز .**

★ ★ ★

ئەم پارچە پەخشانە بخوێنەرەوە ، لەدوای خوێندنەوەی تێدەگەیت ، کە لە چەند بەشێك پێك‌هاتووە ، وەکو :

پەڕۆکۆن کۆدەکرێتەوە .
ئەنجن ئەنجن دەکرێت
دەبرێت بۆ کارگە .
لە مەنجەڵێکی [illegible] نرێت ....

وەهەر بەشێ لەم بەشانە مانایەکی تەواوی خۆی هەیە ، واتە پاش خوێندنەوەی هەر بەشێك تۆزێ بۆی دەوەستین و مانایەکی تەواومان بە بیردا دێت ، ئەنجا بە هەر بەشێ لەم بەشانەی دەگوترێت (ڕستە) ، کەواتە :

**بە کورتی :**

**ڕستە کۆمەڵە ووشەیەکە بە سەریەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشێت .**

## ڕاهێنـــانی

**( ١ )**

ئەم ڕستانە لێکهەڵبوەشێنـــەو بزانە هەر ڕستەی لە چەند ووشە پێکهاتووە :

١ ــ لە شیر ، کەرەو ڕۆن دروست دەکرێت .
٢ ــ کورد لە مێژەوە لە کوردستاندا دەژین .
٣ ــ هیوا لە دهۆك بوو .
٤ ــ دەنگی ئازادی چۆن دەخنکێنرێت ؟! .
٥ ــ گەلی عیراق بە خوێنو خەبات ئیستیعماری دەرکرد .
٦ ــ شۆڕشی ١٧ی تەمموز لەساڵی ١٩٦٨دا بەرپا بوو .

**( ٢ )**

ئەم بۆشاییانە بە ووشەیێك پڕ بکەرەوە :

١ ــ باوکم .... بۆ شارەزوور .
٢ ــ .... نامە بۆ دایکی دەنووسێت .
٣ ــ .... سەربازێکی بە جەرگی لەشکری عیراقە .
٤ ــ شوانەکە ڕانەکەی بۆ لەوەڕ ....
٥ ــ مامۆستا کتێب ....
٦ ــ .... زەوی دەکێڵێت .

( ٣ )

ڕستەی تەواو و ڕستەی ناتەواو لـەم ئاخاوتنانەی خوارەوە، جوێ بکەرەوە :

١ ـ پیاوی ئازا

٢ ـ چیرۆك نووسین هونەرە •

٣ ـ ئەو ماڵەی هەتاوی تێ بچێت، پزیشکی تێ ناچێت •

٤ ـ عیراق نیشتمانی •

٥ ـ ئاشتی هیوای گەلانە •

( ٤ )

ئەم ووشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

ئەشکەوت، دەکوڵێت، نیگار، هەویر، دەستکرد •

( ٥ )

ئەم چیرۆکە بخوێنەرەوە، لەپاشـــاندا پێنج ڕستەی لێ دەربهێنە :

(سێر لایارد) لە کتێبەکەیدا دەڵێت :

لە ساڵی ١٨٥٠ دا چووم بۆ سەردانی ئەشکەوتەکەی گوندۆك لەنزیك شاری ئاکرێ لە چیاکانی کوردستان • چاوم بە دوو دەستە کۆلیـار کەوت • ئـەوانە لەزارکی ئەشـــکەوتێکی فراوانـدا هەلکەنـدراوون، کـ

بنمیچەکەیەوە چلوورە شۆڕبوونەتەوەو لە تەنیشتەکانییەوە ئاوێکی سارد هەڵدەقوڵێتو بە گیاو گوڵ سەرەکەی داپۆشراوە • لە بەشی سەرەوەدا دەبینرێت کە پیاوێك بە نێزە بزنەکێوییێك دەکوژێت • لە بەشی ژێرەوەیدا چەند ژنێك لەسەر کورسی دانیشتوون • بەرامبەر بەمانیش کۆمەڵێکی سی کەسی خەریکن حەیوانێك دەکەن بە بریانی •

نارێکی وێنەکان بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەم وێنانە لە زەمانێکی زۆر کۆندا دروست کراوون • ئەم نیگارانە دەستکردی ئەو کەسانەن کەلەو ناوەدا جێنشین بوون •

پیاوەکانی ناو نیگارەکە هەموویان بێڕیشن، کەللە خڕو لووتیان ڕاست دیارەو مووی سەریان بە بڵاویو کەللەیان بە تەواوی ڕووتە •

ئەگەر بگوترێت ئەم نیگارانە لەلایەن باپیرە گەورەکانی کوردەوە کێشراوونو بەڵگەی زرنگی نەتەوەی کورد پیشان دەدەن بە هەڵە ناچین •

## لێکدانەوەی وشەکان

| | | |
|---|---|---|
| کەرە | : | نیقشك |
| ڕان | : | پەز |
| لەوەڕ | : | چەرە |
| پزیشك | : | دکتور |
| نیگار | : | نەقش |
| چلوورە | : | ئاقاقەڕسیە |
| نێزە | : | ڕم |
| بەڵگە | : | نیشان |

## جۆرەکانی ڕستە

**١ ـ بارام بۆ قوتابخانە دەچێت .**

**٢ ـ بارام لەگەڵ کێ چوو بۆ قوتابخانە ؟**

**٣ ـ کوڕم بەیانی بچۆ بۆ قوتابخانە .**

**٤ ـ ئەم قوتابخانەیە چەند خۆشە !**

★ ★ ★

ئەم ئاخاوتنانەی لای سەرەوە ، هەریەکە ڕستەیەکە چونکە مانایەکی تەواو دەبەخشێت ، بەڵام قسەکەر هەریەکەیانی بۆ مەبەستێکی جیاواز بەکارهێناوە :

لە ڕستەی یەکەمدا خەبەرێك دەدات .

لە ڕستەی دووەمدا لە مەبەستێك دەپرسێت .

لە ڕستەی سێیەمدا فەرمانێك دەدات .

لە ڕستەی چوارەمدا سەری لە شتێك سووڕماوە .

**بە کورتی :**

**ڕستە کۆمەڵە ووشەیەکە بەسەریەکەوە مانایەکی تەواو دەبەخشێت .**

**ڕستە لە ڕووی چۆنێتیی دەربڕینەوە چوار جۆرە :**

**١ ـ ڕستەی خەبەری : ڕستەیەکە لە شتێك دەدوێت .**

**٢ – ڕستەی پرسیاری : ڕستەیەکە پرسیارێکی تێدایە .**

**٣ – ڕستەی فەرمانی : ڕستەیەکە فەرمانێکی تێدا درابێت .**

**٤ – ڕستەی تەعەجوب : ڕستەیەکە سەرسووڕمانێك دەبەخشێت .**

## ڕاهێنانی

### ( ١ )

بۆ هەر جۆرێ لە جۆرەکانی ڕستە ، ڕستەیەك بهێنەرەوە ، بەڵام لەبیرت نەچێت ئەو نیشانەی کە پێویستە بخرێتە کۆتایی هەر یەکێکیانەوە ، دای بنێیت .

### ( ٢ )

بزانە ئەم ڕستانەی خوارەوە بۆ چ مەبەستێك بەکارهێنراوون :

١ – چەڵتووك چۆن دەچێنرێت ؟
٢ – عیراق کەوتۆتە کەرتەی ئاسیاوە .
٣ – ئێرە بەڕاستی جێیەکی خۆشە !
٤ – گیاکەڵەکان هەڵبکێشە . بازەرر لە نووتنەکە نەدەن .

٥ ـ بە یەکێتی گرەو دەبەینەوە ·
٦ ـ هاوڕێی باش لە تەنگا نەدا دەردەکەوێت ·
٧ ـ کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە کوێ گیرا؟

## ( ٣ )

ئەم ڕستە پرسیاریانە بکە بە ڕستەی خەبەری :

١ ـ کەی لەشکرەکەی زەینفون بە کوردستاندا تێپەڕی؟
٢ ـ جماگەل حەز بە ئازادی ناکات؟
٣ ـ چ ڕۆژێ نوسراوەکەت پێ گەیشت؟
٤ ـ بە چەند ڕۆژ ماجەلان گەیشتە ئەمەریکا؟
٥ ـ عێراق کەوتۆتە کوێی ئاسیاوە؟
٦ ـ بۆچی بەهاوین نایەن بۆ هاوینەهەوارەکانی کوردستان ؟
٧ ـ کەی کۆماری عێراق دامەزرا؟

( ٤ )

ئەم ووشە پرسیارانە بخەرە ئەم بۆشایییانەوە :

چ ، چەند ، کێ ، ئایا ، کوێ ، چی ، کەی .

١ ـ ۰۰۰۰۰ دیجلە بە هاوین هەڵدەسێت ؟

٢ ـ هەنگ لە ۰۰۰۰۰ دا دەژی ؟

٣ ـ ۰۰۰۰ فڕۆکە لێ دەخوڕێت ؟

٤ ـ ۰۰۰۰۰ شەڕی یەکەم هەڵگیرسا ؟

٥ ـ بارام لە ۰۰۰۰ کێڵگەیەك کاردەکات ؟

٦ ـ بە ۰۰۰ هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی لە وولاتدا نامێنێت ؟

( ٥ )

آ ـ بەیانی بۆ هەڵەبجە دەچم .

ب ـ کەی بۆ هەڵەبجە دەچیت ؟

تۆش سەرو پرسیار بۆ ئەم وەڵامانەی خوارەوە وەك وێنەی (ب) دابنێ .

١ ـ ترێ لە بازاڕ دەفرۆشرێت . ( کوێ ؟)

٢ ـ بەهاران هەور ـمێنێت . ( چی ؟ )

٣ ـ توتن بە دێراو دەچێنرێت . (چۆن ؟)

٤ ـ هیوا بە کوردی دەدوێت . ( کێ ؟ )

٥ ـ قارەمان دوێنێ گلابوو . ( کەی ؟ )

٦ ـ ئەم خانووەم بە دووسەد دینار کڕی . (چەند ؟ )

٧ ـ پیاز بەسنەلك دەڕوێنرێت ·                                  (چی ؟)
٨ ـ ئەمەیان بفرۆشم باشترە ·                              (کامەیان ؟)

( ٦ )

ئەم ووشانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :
کەی ، تۆ ، پاییز ، دەخووسا ، دەگری ، چۆن ·

( ٧ )

وەڵامی ئەم پرسیارانە بەدەم بدەرەوە :
١ ـ کێ ڕادیۆی داهێنا ؟
٢ ـ لە چ ڕۆژێکدا هەموو ساڵێ جەژنی نەورۆز دەگرێت ؟
٣ ـ چەند نەتەوەی گەورە لە عێراقدا دەژی ؟
٤ ـ لە عێراقدا بە زۆری نەوت لە کوێ دەردەهێنرێت ؟
٥ ـ ماین بە چەند مانگ دەزێت ؟
٦ ـ نەوزاد چۆن لە ئەسپەکەدا بەزی ؟
٧ ـ کوردستانی عیراق بەچی بەناوبانگە ؟

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| مەبەست | : | مەقسود |
| دەدوێت | : | دئاخفت |
| گیاکەڵە | : | گوزگە |
| گلابوو | : | کەت |

بنچینەکانی ڕستە

## بەشی نیهاد ـ بەشی گوزارە

**زستان هات ٠**

**بەفرێکی ئەستوور باری ٠**

**گەڵا بە درەختەکانەوە نەما ٠**

**باڵندەکان سەریان لێ شێوا ٠**

★ ★ ★

ئەگەر کۆمەڵە ووشەیەك بە سەریەکەوە مانایەکی تەواویان بەخشی ، پێیان دەگوترێت ( ڕستە ) ٠ ئەنجا ئەم ڕستەیە بۆ هەر مەرامێ بەکارهێنرابێت ، وە یا ووشەکانی زۆربن یا کەم لە دوو بەش پێك دێت :

١ ـ ئەو بەشەی لە ڕستەکەدا لێی دەدوێین و خەبەری لە بارەوە دەدەین پێی دەگوترێت ( نیهاد ) ، وەك ( زستان ) و ( بەفرێکی ئەستوور ) و ( گەڵا ) و ( باڵندەکان )ی ئەو ڕستانەی لای سەرەوە ٠

٢ ـ ئەو بەشەی لە ڕستەکەدا ، کە خەبەرێکە و لە بارەی نیهادەوە دەگوترێت پێی دەگوترێت (گوزارە) ، وەك بەشی (هات) و (باری) و ( بە درەختەکانەوە نەما ) و

( سەریانلێشێوا )ی ئەو ڕستانەی لایسەرەوە ٠
کەواتە :

**بەکورتی :**

**ڕستە کۆمەڵە ووشەیەکە بە سەریەکەوە مانایەکی تەواو دەبەخشێت ٠**

**ڕستە لە دوو بەش پێکدێت :**

- × **بەشی یەکەمی پێیدەگوترێت ( نیهاد ) ٠ نیهاد ئەو بەشەیە لە ڕستەکەدا کە لێی دەدوێینو خەبەرێ لە بارەیەوە دەدەین ٠**
- × **بەشی دووەم پێیدەگوترێت ( گوزارە ) ٠ گوزارە خەبەرێکە کە لە بارەی نیهادەوە دەگوترێت ٠**
- × **نیهادو گوزارە دەلوێت هەریەکەیان لە ووشەیەك یا چەند ووشەیەك پێكهاتبێت ٠**

## ڕاهێنـــانی

**( ١ )**

ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە ، لە پاشاندا بەشی نیهاد لە بەشی گوزارە جیابکەرەوە :

| ڕستە | بەشی نیهاد | بەشی گوزارە |
|---|---|---|
| نەسرین هات | نەسرین | هات |
| تۆ دەخوێنیت ٠ | | |

کۆترەکە لە حەوشەکەدا دان دەخوات .
منداڵەکە لە بێشکەکەدا نوست .
گوێزی هەورامان بە دەست دەشکێت .
ئەستێرەکان ڕووناکی لە ڕۆژ وەردەگرن .
داری ئازادی بەخوێن ئاو دەدرێت .
ئەحمەدی خانی چیرۆکی مەموزینی نووسیوە .

( ٢ )

ئەم بۆشایی یانەی خوارەوە بە نیهادێك پڕبکەرەوە :

١ ـ .... هەڵهات .
٢ ـ ..... کاوێژ دەکات .
٣ ـ ..... دەبێت بە سەهۆڵ .
٤ ـ ..... لە مێژوودا کۆنە .
٥ ـ ..... لە بەهاردا دەڵێیت بەهەشتە .

( ٣ )

ئەم بۆشایی یانەی خوارەوە بە گوزارەیەك پڕبکەرەوە:

١ ـ شەکر لە چەوەندەر ، یاقامیش ....
٢ ـ خوێن لە دڵەوە بۆ لەش ....
٣ ـ بەهێزی گەل ئیستیعمار لە عیراق ....
٤ ـ فەرهاد لە هەولێر ....

٥ ـ شۆڕشی ئاگری داغ لە کوردستانی تورکیا ٠٠٠

٦ ـ کانی یەکە ٠٠٠٠٠

( ٤ )

ئەم بۆشـــایی یانەی خـــوارەوە بـــە نیهادێك ، یا گوزارەیەك پڕ بکەوە :

١ ـ باپیر ٠٠٠٠

٢ ـ ٠٠٠٠ وعەرەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن ٠

٣ ـ ٠٠٠٠ یەکەم کەس بووە مێژووی کوردی نووسیوە٠

٤ ـ قاقەز لە پەڕۆی کۆن یا گەڵای دار ٠٠٠٠

٥ ـ مامۆستای دڵسۆز خزمەتی میللەتەکەی ٠٠٠٠

٦ ـ شوانەکە مەڕ ٠٠٠٠ وبلوێر ٠٠٠٠

( ٥ )

ئەم ووشانە لەڕستەدا بەکار بهێنە بە مەرجێ ببن بە گوزارە :

هەڵخلیسکا ، دەدوێت ، پێدەگات ، نەما ، چاند ٠

( ٦ )

آ ـ وێنەیەك لە شی کردنەوە:

فەرهاد نوست ٠

فەرهاد : نیهادە ٠

نوست : گوزارەیە ٠

ب ـ تۆش ئەم ڕستانــەی خوارەوە وەك وێنــەی ( آ )
شی بكەرەوە :

١ ـ سیروان دەدوێت ٠

٢ ـ ئەو هات ٠

٣ ـ پرشنگ دانیشت ٠

( ٧ )

## سـەیران

ئەم پارچە پەخشانە[١] بخوێنەرەوە لە پاشدا پێنج ڕستەی خەبەری‌ی لێ دەربهێنەو بیان کە بە ڕستەی پرسیاری :

دە ڕۆژ پێش ڕۆژی نەورۆز ، هەموو شاری سلێمانی دەکەوتە تێشوو ڕێك خستن ، لــە قوتابخانەی خواجـە ئەفەندی‌یەوە بەرنامەی ئاهەنگ‌و سەیران دەردەکرا ، بەڕەنگی سەوزو سوور ، ووتاری نەورۆز دەنووسرایەوە، لە هەموو لایەکدا بە بەستەو گۆرانی‌یەوە دەخوێنرایەوە، قوتابی قوتابخانەکەی ، بـە سواری‌و پیادەیی دەســتە دەستە ، لە فەرمـاندەی سـەردەستەکانیاندا لــە پێش هەتاوکەوتندا دەکەوتنە ڕێگا ، پیادە بە گـۆرانی گوتن‌و داری ڕەنگاوڕەنگـــەوە ، سوارەیش بە رمبــازی‌یەوە دەڕۆییشتن ٠ دوابەدوای قوتابی‌یەکان دانیشتوانی شار

---

(١) پەخشان : نثر

لە خزمو لە بێگانە هەموو بەرەو سەرچنار دەکەوتنە ڕێ •

خواردەمەنی بە پیتاکی قوتابی یەکانو پارەدارەکان ئامادەدەکرا ، لەمیوان هیچ وەرنەدەگیرا ،قوتابی یەکانی قوتابخانەی خواجە ئەفەندی هەموو کارێکیان ڕادەپەڕاند • لە سەرچنار ئەوڕۆژە بە ئاهەنگو ڕمبازیو هەڵپەڕکێو یاریو وەرزشە وە ڕایان‌دەبوارد •

کورد ، خاوەنی مێژووی بەزمو ڕابواردنە ، لە بەهاراندا ڕوو لە هەر لایەکی کوردستان بکەیت هەر شاییو سەیرانو گۆرانی گوتنە • هەموو وەك برا دەژینو پێ کەنینو شادی لە دوو لێوەیان دەبارێت •

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| دەلوێت | : | چی دبت |
| بێشکە | : | لەهندك |
| سەهۆڵ | : | قەرەسە |
| شی | : | تەحلیل |
| تێشو | : | خوارن |
| پیتاك | : | تبرع - بێش |
| وە ش | : | ریازە |

## بکەر ـ فرمان

| بەشی نیهاد | بەشی گوزارە |
|---|---|
| پرشنگی خوشکم | گوڵدانەکەی شکاند ٠ |
| پووشی پاوەنەکە | سووتا ٠ |
| گۆبەرۆکەکەی نەسرین | زێڕبوو |

ئەم ووتانە بخوێنەرەوە دەبینیت :

هەموویان ڕستەن‌و مانای تەواویان هەیە ، هەریەکەشیان لە دوو بەش پێك‌هاتووە ، بەشی یەکەمیان نیهادەو بەشی دووەمیان گوزارەیە ٠

جارێکی‌تر ڕستەکان بخوێنەرەوەو بە بەشی نیهادو گوزارەدا بچۆرەوە ، دەبینیت :

١ ـ لە بەشی نیهادی ڕستەکاندا ووشەیێکی بنچینەیی هەیە ، ئەم ووشەیە یا کارێکی بەجێ هێناوە یا کارێکی دراوەتە پاڵ ، یا سیفەتدارە ٠ بەم ووشەیە دەگوترێت (بکەر) ٠

لە ڕستەی یەکەمدا ووشەی ( پرشنگ ) بکەرە ، چونکە گوڵدانەکە ئەم شکاندوویەتی ٠

لە ڕستەی دووەمدا ووشەی (پووش) بکەرە ، چونکە کاری سووتاندنی دراوەتەپاڵ

لە ڕستەی سێیەمدا ووشەی ( گۆبەرۆك ) بکەرە .
چونکە سیفەتێکی تێدایە ، کە زێرایەتی یە .

٢ ـ لە بەشی گوزارەی ڕستەکاندا ووشەیێکی بنچینەیی هەیە خەبەردەرەو ناتوانرێت لە ڕستەکەدا لاببرێت ، بەلابردنی مانای ڕستەکە ناتەواوو کەل دەبێت ، بەم ووشەیە دەگووترێت ( فرمان ) .

لە ڕستەی یەکەمدا ووشەی ( شکاند ) فرمانە .
لە ڕستەی دووەمدا ووشەی ( سووتا ) فرمانە .
لە ڕستەی سێیەمدا ووشەی ( بوو ) فرمانە .

**بە کورتی :**

**١ ـ ڕستەی تەواو لە دوو بەش پێكدێت :**
**بە بەشی یەکەمی دەگوترێت ( نیهاد )و بە بەشی دووەمی دەگوترێت ( گوزارە ) .**

**٢ ـ (نیهاد) ووشەیێك بێت ، یا دەستەووشەیێك . ووشەیێکی بنچینەیی تێدا هەیە ، پێی دەگوترێت ( بکەر ) .**

**٣ ـ (بکەر) . ئەو ووشەیەیە کە لە ڕستەدا کارێ بەجێ دەهێنێت ، یا کارێکی دەدرێتە پاڵ ، یاسیفەتدارە .**

**٤ ـ (گوزارە) ووشەیێك بێت ، یا دەستە ووشەیێك ،**

ووشەیێکی بنچینەیی تێدا هەیە ، پێی دەگوترێت ( فرمان ) ٠

٥ ـ ( فرمان ) کارێکە لە تافێکدا ڕوودەدات ٠

## ڕاهێنـــانی

## ( ١ )

لەم ڕستانەدا بەشی نیهادو بەشی گوزارە دیاری بکە :

١ ـ چەوری ووزە بە لەش دەدات ٠

٢ ـ ماسوولکە دوو ئێسقان بەیەکەوە دەبەستێت ٠

٣ ـ مووی لووت هەوا لە پیسی دەپاڵێوێت ٠

٤ ـ ئالوو دوو لووی بەکەلکن لە ناو دەمدا ٠

٥ ـ خوێن ئۆکسجین لە سییەکانەوە بۆ لەش دەبات ٠

## ( ٢ )

ئەم کۆمەڵە ووشـــانەی خوارەوە کامیان ڕســـتەیەو کامیان ڕستە نییە گرێیە :

١ ـ تاقگە نامە دەنووسێت ٠

٢ ـ ئاسنگەر بە بازووەکانی ئاسن ٠

٣ ـ دارتاش لە دار شتی جوان دروست دەکات ٠

٤ ـ ئاسن بە تینی گەرمایی دەتوێتەوە ٠

٥ ـ نەوزاد هەموو جارێ منداڵەکانی ٠

٦ ـ شاگردانی قوتابخانـه جـاران به قەڵـەمی قامیش دەیان نووسی ·
٧ ـ ناوچەی حوکمی زاتی

( ٣ )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ( بکەر ) لە بەشی نیهاددا دیاری بکە :

١ ـ زۆزك لە دهۆك دەژی ·
٢ ـ پاستۆر زانایەکی بەناوبانگە ·
٣ ـ کێڵگەی بەکرەجۆ لە نزیك شاری سلێمانیە ·
٤ ـ دۆشاوی ترێی سپی لە دۆشاوی خورما خۆشترە ·
٥ ـ پاوانەکەی پرشنگ زێڕە ·
٦ ـ لێواری گۆزەکە بە دەستمەوە شکا ·

( ٤ )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا (فرمان) لە بەشی گوزارەدا دیاری بکە :

١ ـ ئاو ($\frac{٥}{٧}$)ی زەوی داپۆشیوە ·
٢ ـ ڕۆن لە کەرە دەردەهێنرێت ·
٣ ـ ئارەق لە ئاوو خوێ دروستدەبێت ·
٤ ـ بۆ خۆپاراستن لە مێشوولە تەلی هێڵەك دەگرین بـە پەنجەرەکانماندا ·
٥ ـ لە وەرزی زستاندا بارانو بەفر دەبارێت ·
٦ ـ حوکمی زاتی دەستکەوتێکی گرنگی شۆڕشی ١٧ی تەمموزە ·

## ( ٥ )

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە (بکەر)ێ یا (فرمان)ێ پڕبکەرەوە :

١ ــ ٠٠٠٠ ی گەرم پێست دەسووتێنێت ٠
٢ ــ دەبێت هەموو منداڵێ چیرۆکێ ٠٠٠٠
٣ ــ ٠٠٠ ی ڕووەك زەوی لە ڕامالین دەپارێزێت ٠
٤ ــ زەوی ڕۆژی جارێك بە دەوری خۆیدا ٠٠٠٠
٥ ــ ٠٠٠٠ ی مافور لە شاری هەولێر دامەزراوە ٠
٦ ــ لادێییەکان لە پاییزدا گزرە ٠٠٠٠ بۆزستان ٠

## ( ٦ )

آ ــ وێنەیەك لە شیکردنەوە :

منداڵەکە یاری دەکات ٠

منداڵەکە : بەشی نیهادە ، بکەرە ٠

یاری‌دەکات : بەشی گوزارەیە ، فرمانە

ات : ڕاناوی لکاوە ، شوێنی منداڵەکەی گرتووە ، کە ( بکەرە ) ٠

تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە وەك وێنەی (آ) شی‌بکەوە :

١ ــ بەهار هات ٠
٢ ــ هەوجاڕەکە شکا ٠
٣ ــ سەپانەکە دانیشت ٠

ئەمە بخوێنەرەوەو هەرچی فرمانێکی تێدا دەبینیت سەروهێڵ بهێنە بەژێریاندا :

گوێ لە لەرزوتا بگرە ، بزانە دەڵێت چی‌و خۆتی لێ بپارێزە :

چەکی من مێشوولەیە ٠٠ مێشوولەی من گوێڕایەڵن‌و شەو و ڕۆژ دەسووڕێنەوە ، لە کوێ نەخۆشی بدۆزنەوە دوو چاری لەرزوتا بووبێت دەست بەجێ خوێنەکەی دەمژن‌و دەی بەن دەی کەنە مرۆڤێکی لەش ساغەوە ، ئەویش وەك ئەوی تر دووچاری نەخۆشی دەکەن‌و ، پرزەی لێ دەبڕن ، بەڵام مێملێکم لێ پەیدابووە پێی دەگوترێت وەزارەتی تەندروستی کوناوکون بەشوێنمدا دەسووڕێتەوە هەتا لە ناوم بەرێت ، چاڵاو و گۆماوەکانم لێ ووشك دەکات‌و نەوتی ڕەش فرێ دەداتە زۆنگاوەکانەوەو تەنگی بەخۆم‌و سەربازەکانم هەڵچنیوە ، بەڵام نەی توانیوە لەناوم بەرێت ٠ ئەوەندە هەیە ئەومرۆڤانەی کە بە تەنگ خۆیانەوە دێن لە ڕوومدا هەڵدێن‌و نایەڵن دەمی سەربازەکانم بیان گاتێت‌و سوێ بەردەنە دڵیان ، چونکە دەچن خانووەکانیان دوور لە چاڵاوەکان‌و زۆنگاوەکان دروست دەکەن‌و پەنجەرەکانی بە تەلی هێڵەك بە جۆرێ دەگرن کە سەربازەکانم ناتوانن بە هیچ ڕەنگێ سەربکەن بە ژوورەکانیاندا ٠

# لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| گۆبەرۆك | : | پستك |
| تاف | : | زەمان |
| ووزە | : | هێز |
| ئیسقان | : | هەستی |
| لووت | : | دفن |
| ئالوو | : | هەستوك |
| پاوانە | : | حجول |
| ئارەق | : | خوهە |
| وەرز | : | وەخت |
| دووجاری | : | توێشی |

# تەواوکەر[1]

**گەڵای دار لە پایزدا دەوەرێت ·**

**گوێزی هەورامان بەدەست دەشکێت ·**

**گۆشتی بەرخەکە زوو کوڵا ·**

**پرشنگی خوشکم لەسەر کورسی یەکە دانیشت ·**

★ ★ ★

لە وانەکانی پێشوودا خوێندمان ، کە ڕستە لە دوو بەش پێك دێت ، بەشی نیهادو بەشی گوزارە · وە گوتمان دەبێت لە هەر بەشێ لەم بەشانەدا ووشەیێکی بنچینەیی هەبێت ، ئەو ووشەیەمان لە بەشی نیهاددا ناونا (بکەر)و لە بەشی گوزارەدا ناونا ( فرمان ) ·

لەدوای ئەمە ئەنجا بە ووردی ئەم ڕستانە بخوێنەرەوەو (بکەر)و (فرمان) یان تێدا دیاری بکە ··· دەبا هەردووکمان بەیەکەوە خەریك بین :

لە ڕستەی یەکەمدا ووشەی (گەڵا) بکەرەو ووشەی (دەوەرێت) فرمانە ·

لە ڕستەی دووەمدا ووشەی (گوێز) بکەرەو ووشەی ( دەشکێت ) فرمانە ·

لە ڕستەی سێیەمدا ووشەی (گۆشت) بکەرەو ووشەی ( کوڵا ) فرمانە ·

لە ڕستەی چوارەمدا ووشەی (پرشنگ) بکەرەو ووشەی ( دانیشت ) فرمانە ·

---

(١) تەواوکەر ( المتمم ، الزيادة ) .

ڕەنگە لێم بپرسیت ئەی ووشەکانی تری ناوڕستەکان چین‌و بۆچی هێنراوون ؟

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

لە وەرامدا دەڵێم :

ئەو ووشەیە یا ووشانەی کە بنچینە نین لە ڕستەکەدا واتە : نە بکەرو نەفرمان‌و دراونەپاڵ بکـــەر یا فرمان بۆ تەواو کردن‌و دیاری کردنی ماناکەیان پێ‌یان‌دەگوترێت تەواوکەر • بۆ وێنە :

لە ڕستەی یەکەمدا ووشەی (دار) تەواوکەری (گەڵا) یە کە (بکەر)ە ، وە دەستە ووشەی ( لە پاییزدا ) تەواوکەری فرمانی (دەوەرێت)ە •

لە ڕستەی دووەمدا ووشەی (هەورامان) تەواوکەری (گوێز)ە کە بکەرە ، وە دەســـتە ووشەی ( بـە دەست ) تەواوکەری فرمانی ( دەشکێت )ە •

لە ڕستەی سێ‌یەمدا ووشەی (بەرخەکە) تەواوکەری (گۆشت)ە کە بکەرە ، وە ووشـــەی ( زوو ) تەواوکەری فرمانی (کوڵا) یە •

لە ڕستەی چوارەمدا دەســتە ووشەی ( خوشــکم ) تەواو کەری (پڕشنگ)ە کە بکەرە ، وە دەستە ووشـــەی ( لەسەر کورسی‌یەکە ) تەواوکەری فرمانی (دانیشت)ە •

بەکورتی :

**١ ـ ڕستە لە دوو بەش پێك دێت بەشی نیهادو بەشی گوزارە ٠**

**٢ ـ ووشەی بنچینە لە بەشی نیهاددا ( بکەر )ە ٠**

**٣ ـ ووشەی بنچینە لە بەشی گوزارەدا (فرمان)ە ٠**

**٤ ـ هەرچی لە ووشەی ( بکەر )و ( فرمان ) بەدەربوو ، پێی دەگوترێت تەواوکەر ٠**

**٥ ـ تەواوکەر ووشەیەکە یا دەستەووشەیەکە لە ڕستەدا، دەدرێتە پاڵ ( بکەر ) یا (فرمان) بۆ تەواوکردنو دیاری کردنی واتاکانیان ٠**

## ڕاهێنانی

## ( ١ )

لەم ڕستانەدا بەشی نیهادو بەشی گوزارە دیاری بکە:

١ ـ مامۆستا لە قوتابخانە هاتەوە ٠

٢ ـ هیوای برام بە یەکەم دەرچوو ٠

٣ ـ کاغەز لە ماددەی سەلیلۆز دروست دەکرێت ٠

٤ ـ ڕەشەبای ئێوارێ شووشەی پەنجەرەکەی شکاند ٠

٥ ـ پیرەمێردی شاعیر لە گردی مامەیارە نێژراوە ٠

٦ ـ کارەبای شەقامەکان زۆر بەهێزە ٠

( ٢ )

| بەشی نیهاد | | بەشی گوزارە | |
|---|---|---|---|
| بکەر | تەواو کەر | تەواو کەر | فرمان |
| باران | ی بەهار | بە لێزمە | دەبارێت |

تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە وەك لای سەرەوە بەسەر بەشی نیهادو بەشی گوزارەدا دابەش بکە :

١ ـ فەرهادی برام لە ڕاڕەوەکەدا هەڵخلیسکا ·

٢ ـ لەشکرەکەی زەینفون لە کوردستاندا شکێنرا ·

٣ ـ ووشتری تینوو ئاوێکی زۆر دەخواتەوە ·

٤ ـ منداڵانی کورد لە جەژنی نەورۆزدا خۆیان دەگۆڕن ·

٥ ـ کەی حوکمی زاتی درا بە کوردستان

( ٣ )

لەم ڕستانەدا (بکەر) دیاری بکە :

١ ـ پیازەکە لە سەبەتەکەدا ڕزی ·

٢ ـ شوانی ڕانەمەڕەکە بلوێر لێ دەدات ·

٣ ـ کاروانەکە کەوتە ڕێ ·

٤ ـ نانەوا نان دەپێژێت ·

٥ ـ قەڵای هەولێر زۆر کۆنە ·

( ٤ )

لەم ڕستانەدا (فرمان) دیاری بکە :

١ ــ حوشتر لە بیاباندا باش دەڕوات ٠
٢ ــ گەڵای دارەکە لە بێ ئاویدا زەرد هەڵ گەڕا ٠
٣ ــ گەچ بۆ خانوو دروست کردن بە کاردەهێنرێت ٠
٤ ــ دلێر بۆ مێرگەسوور دەچێت ٠
٥ ــ فڕۆکەکە بەسەر شارەکەدا دەسووڕایەوە ٠
٦ ــ لەجەژنی نەورۆزدا تێر هەڵدەپەڕین ٠

( ٥ )

لەم ڕستانەدا هەرچی تەواو کەری ( فرمان ) هەیە دەریان بهێنە :

١ ــ ئاهەنگەکە سەعات چوار دەست پێ دەکات ٠
٢ ــ موغناتیس ووردە ئاسن ڕادەکێشێت ٠
٣ ــ ددان کارێکی گرنگی پێ سپێرراوە ٠
٤ ــ ڕۆن لە زەیتوونی گەییو دەگیرێت ٠
٥ ــ چێشتی گەرم دەم دەسووتێنێت ٠
٦ ــ کاڵەك بەهاوین پێ دەگات ٠

( ٦ )

لەم ڕستانەدا هەرچی تەواو کەری ( بکەر ) هەیە دەریان بهێنە :

١ ــ نەتەوەی هوشیار دەست دەداتە باڵی بلیمەتەکانی ٠
٢ ــ مرۆڤی بەدکار کەس خۆشی ناوێت ٠
٣ ــ بەختیاری کوڕی ئێوە بە یەکەم دەرچووە ٠
٤ ــ قەڵەمی قامیش، لە میسرەوە گە پیشتە یۆنان ٠
٥ ــ عەرەبەکانی فەلەستین بۆ ڕزگارکردنی وولاتەکەیان دەجەنگن ٠

٦ ـ هەوای پیس زەرەرێکی زۆرمان پێ‌دەگەیەنێت ٠

( ٧ )

أ ـ وێنەیێك لە شی کردنەوە :
پشیلەکەی من گۆشت دەخوات ٠
پشیلەکەی من : بەشی نیهادە ٠
پشیلە : بکەرە ٠
ی . ئامرازی پەیوەندییە ٠
من : تەواوکەرە
گۆشت دەخوات : بەشی گوزارەیە ٠
گۆشت : تەواوکەرە
دەخوات : فرمانە
ڕاناوی لکاوە شوێنی (پشیلەکە)ی گرتووە، کە (بکەر) ە ٠

ب ـ تۆش ئەم ڕستانەی خـــوارەوە وەك وێنـــــە (أ) شی بکەرەوە :
١ ـ چێشتی گەرم دەم دەسووتێنێت ٠
٢ ـ ددانی تیژ خواردن دەهاڕێت ٠
٣ ـ کەوەکەی من باش دەخوێنێت ٠

( ٨ )

ئەم ووشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :
هێلانە ، چەك ، من ، ئێوە ، پیشا ، گلا ٠

# لێکدانەوەی ووشـەکان

نێزراوە : هاتیەفەشارتن

شەقام : جادە

ووشتر : حێشتر

ڕانەمەڕ : کەرێ بەزی

بیابان : چۆل

بلیمەت : زیرەك

بەدکار : زیان کەر

قامیش : لەفەن

دەجەنگن : شەڕی دکن .

# فرمـــان

## ( زەمان ــ کەس )

جاریٚ ئەمانە بهیٚنەرەوە یادی خۆت :

ڕستە لە دوو بەش پیٚکدیٚت ، بەشی نیهادو بەشی گوزارە ٠

ووشەی بنچینەیی لە بەشی نیهاددا ( بکەر )ە ٠

ووشەی بنچینەیی لە بەشی گوزارەدا (فرمان)ە ٠

فرمان کاریٚکە لە زەمانیٚکدا ڕوودەدات ٠

هیچ کۆمەڵـە ووشەییٚـک بـەبێ (فرمان) نابیٚتـە ڕستە :

| بەشی نیهاد | بەشی گوزارە |
| --- | --- |
| کاوەی برام | ئەمساڵ بە یەکەم دەرچوو ٠ |
| تووتنی باش | لە ناوچەی سلیٚمانی دەڕوێت |
| ئیٚوەوەرن بۆ ئیٚرە | ڕۆژی هەینی |

ئەم ڕستانەی کە بۆ ویٚنە هیٚناومانـــەوە بە ووردی بیانخویٚنەرەوە ، دەبینیت

لە بەشی گوزارەی هەریەکیٚکیاندا فرمانیٚـــک هەیەو کاریٚ پیشان دەدات لە زەمانیٚکدا ٠

لەڕستەی یەکەمدا ووشەی (دەرچــوو) فرمانـــەو

کارێ پیشان دەدات کە لەپێش گوتنی ڕستەکەدا ڕوویداوە ٠

لە ڕستەی دووەمدا وشەی (دەڕوێت) فرمانەو کارێ پیشان دەدات کە لە کاتی ئاخاوتنیدا ڕوویداوە ٠

لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (وەرن) فرمانەو کارێ پیشان دەدات کە لە دوا ئاخاوتن ڕوودەدات ٠ کەواتە :

**بە کورتی :**

**فرمان کارێکە دەدرێتە پاڵ شتێ یا کەسێكو لە زەمانێکدا ڕوودەداتو دوو پلەی هەیە :**

**١ ـ پلەی ڕابوردوو ٠**

**٢ ـ پلەی ڕانەبوردوو ٠**

## ڕاهێنانی

## ( ١ )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا بکەرو فرمانو تەواوکەر دەربهێنە :

١ ـ لە هندستان مارەوانەکان بە شمشاڵ مار دەهێننە سەما ٠

٢ ـ شاری نەینەوا لەسەر تەپۆلکەیێکی بەرز دروستکراوە ٠

٣ ـ ئاشوری‌یەکان بە نۆکەندێـك ئاویان لە ڕووباری (گومل)ەوە بۆ نەینەوا دەبرد •
٤ ـ لە مانگی تەممووزدا خالیـد لە بەغـدادەوە چوو بـۆ سەرسەنگ •
٥ ـ قوتابی‌یان کتێبو دەفتەریان بەخۆڕایی پێ‌دەدرێت•
٦ ـ بەیانـەکەی ١١ی ئازار جـــەرگی ئیسـتیعمارو کۆنەپەرستانی بڕی •

( ٢ )

ئەم بۆشایی‌یانە بە یەکێ لەم فرمانانە پڕبکەرەوە :
دەمژێت ، هەڵدەگرێت ، بڕۆ ، دەکێڵن ، بکڕە
١ ـ ئێوە بەچی زەوی ••••؟
٢ ـ کاوە دەستەسڕی خاوێن •••
٣ ـ هەنگ شیلەی گوڵان •••••
٤ ـ بەیانی بۆ بازاڕ ، کیلۆیەك سێو ••••

( ٣ )

ئەم فرمانانەلە ڕستەدا بەکار بهێنە :
زەردهەڵگەڕا ، هەڵدەچێت ، بگـرە ، پێدەگـات ، فرۆشت ••

( ٤ )

ئەم ناوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێ جارێك ببن بە ( بکەر )و جارێك ببن بەتەواوکەر :
هێلانە ، شۆڕش ، گەزۆ •

( ٥ )

آ ـ وێنەیێك لە شی کردنەوە :

بارام بۆکەرکووك دەچێت .

بارام : بەشی نیهادە ، بکەرە .

بۆکەرکووك دەچێت : بەشی گوزارەیە

بۆ : ئامرازی پەیوەندی یە

کەرکووك : ناوە . تەواوکەرە

دەچێت : فرمانە .

ێت : ڕاناوی لکاوە ، شوێنی ( بارام )ی گرتووە ، کە ( بکەر )ە .

تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە وەك وێنەی ( آ ) شی بکەرەوە :

١ ـ شەکر لە چەوەندەر دروستدەکرێت .

٢ ـ توتن بە دێراو لێدەدرێت .

٣ ـ ئاکۆ بە یەکەم دەرچوو .

## فــــرمان

### کەس ( تاك ـ کۆ )

**من نەمامەکەم ڕواند .**

**ئێمە زەوی یەکەمان کێلا .**

**تۆ نانەکەت خوارد .**

**ئێوە دەرگاکەتان داخست .**

**ئەو شوشەکەی شکاند .**

**ئەوان گەنمەکەیان هاڕی .**

★ ★ ★

ئەمانە هەموویان ڕستەن و هەریەکەیان لە دوو بەش پێك هاتووە ، بەشی نیهادو بەشی گوزارە . ووشەی بنچینەیی لە بەشی گوزارەی ئەم ڕستانەدا فرمانی ( ڕواند ، کێلا ، خوارد ، داخست ، شکاند ، هاڕی ) یە ، ئەم فرمانانە هەر یەکەیان کارێکن و لە زەمانێکدا ڕوویان داوەو دراونەتە پاڵ کەسێ :

لە ڕستەی یەکەمدا فرمانی ( ڕواند ) دراوەتە پاڵ (من) کە کەسی یەکەمی تاکە و بکۆم .

لە ڕستەی دووەمدا فرمانی (کێلا) دراوەتە پاڵ (ئێمە) کە کەسی یەکەمی کۆو بکۆین .

لە ڕستەی سێیەمدا فـرمانی (خوارد) دراوەتەپاڵ (تۆ) کە کەسی دووەمی تاكو گوێگریت •

لە ڕستەی چوارەمدا فرمانی ( داخست ) دراوەتەپاڵ (ئێوە) کە کەسی دووەمی کۆو گوێگرن •

لە ڕستەی پێنجەمدا فرمانی ( شـكاند ) دراوەتەپاڵ (ئەو) کە کەسی سێیەمی تاكو بزرە •

لە ڕستەی شەشەمدا فرمانی ( هـاڕی ) دراوەتەپاڵ (ئەوان) کە کەسی سێیەمی کۆو بزرن • کەواتە :

**بە کورتی :**

**فرمان کارێکە دەدرێتەپاڵ شتێ یا کەسێكو لـــە زەمانێکدا ڕوودەدات •**

## خشتەی فرمان

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | چاندم | چاندمان |
| دووەم | چاندت | چاندتان |
| سێیەم | چاندی | چاندیان |

# ڕاهێنانی

## ( ١ )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا بەشی گوزارە دیاری بکەو هێڵێ بەژێر ئەو فرمانەدا بهێنە کە لە بەشی گوزارەدا هەیە :

١ـ شیخ مەحمود قارەمانێکی کورد بوو.
٢ ـ تۆ بۆ کوێ دەچیت ؟
٣ ـ ڤیتامین ( د ) لە ڕۆن ماسیدا هەیە .
٤ ـ ئەو هەموو شارەکانی عیراقی دیوە .
٥ ـ قەسابەکە بەرخەکەی سەربڕی .

## ( ٢ )

ئەم فرمانانەی خوارەوە کامیان بۆ تاکەو کامیان بۆ کۆیە ؟

هاتین ، کێلام ، دەکڕین ، بخوێنە ، بخوێنن ، دابەزین، بنووسن ، خوێندمان ، دانیشتیت ، داخرابوون فڕی ، گرت .

بۆ وێنە :

| تاك | کۆ |
|---|---|
| گرتم | گرتمان |

(٣)

آ ــ خوارد
ب ــ خواردم ــ خواردمان
خواردت ــ خواردتان
خواردی ــ خواردیان

تۆش ئەم ڕستانەی خــوارەوە وەك وێنــەی(آ) لێ بکە :

ڕست ، زەردهەڵگەڕا ، وەرگرت ، خست ، ڕواند ٠

( ٤ )

بزانە ئەم فرمانانەی خوارەوە دراونەتەپاڵ چ کەسێ ؟
دانیشتین ، پێم ووت ، هەڵفڕی ، نووسیتان ، وەرن ، هاتن ، چوون ، کێلاّمان ، خواردیان ، ڕای کرد ، وەرگرت ٠

بۆ وێنــــە :

| | |
|---|---|
| هاتم | کەسی یەکەمی تاکە |
| چوون | کەسی سێیەمی کۆیە |

( ٥ )

ئەم فرمانانە لە ڕستەدا بەکاربێنە :
داخست ، دەکوڵێت ، دەفڕێت ، دەسووتا ، دەگرت ٠

( ٦ )

آ ــ وێنەیێك لە شی کردنەوە :
ئاشەوانەکە باراشەکە دەهاڕێت .

ئاشەوانەکە: بەشی نیهادە، ناوە، بکەرە •
باراشەکەدەهاڕێت: بەشی گوزارەیە •
باراشەکە: ناوە، تەواوکەرە •
دەهاڕێت: فرمانە •
ێت: راناوی لکاوە، شوێنی (ئاشەوانەکە)ی گرتووە، کە (بکەر)ە •
تۆش ئەم ڕستانەی خـــوارەوە وەك وێنەی (آ) شی بکەرەوە:
١ ـ ڕەزەوان ڕەز دەبڕێت •
٢ ـ بازرگان کوتاڵ دەفرۆشێت •
٣ ـ شوانەکە بەرخەکان دەلەوەڕێنێت •

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | |
|---|---|
| مارەوان | مارگر |
| شمشاڵ | بلویل |
| تەپۆلکە | گرك |
| بگۆ | متکلم |
| بشنەو | مخاطب |
| بزر | غائب |
| بازرگان | تجـار |
| کوتاڵ | پەروك |

## دەمەکانی فرمان

### ١ - فرمانی ڕابوردوو

**هیوا وانەکەی خوێند . ( رابوردووی رووت )**
**هیوا وانەکەی خوێندووە .( رابوردووی تەواو )**
**هیوا وانەکەی خوێندبوو . ( رابوردووی دوور )**
**هیوا وانەکەی دەخوێند . ( رابوردووی بەردەوام )**

★ ★ ★

بە ووردی بنۆڕە ئەم ڕستانەی بەردەمت ، دەبینیت :

١ - ووشەی (خوێند ، خوێندبوو ، خوێندووە ، دەخوێند ) هەموویان لە ڕستەکاندا ووشەی بنچینەیین و دراونەتە پاڵ کەسێك و کارێ پیشان دەدەن کە لە پێش ئاخاوتندا ڕوویان داوەو ، پێیان دەگوترێت ( فرمانی ڕابوردوو ) .

٢ - هەموویان ، یا بە پێشگرێ ، یان ، بە پاشگرێ ، یان بە پێشگرێك و پاشگرێك لە فرمانی ( خوێند ) وەرگیراوون و لە ڕستەدا هەریەکەیان بۆ واتایەکی تایبەتی بەکارهێنراوون :

| پێشگر | فرمان | پاشگر |
|---|---|---|
| — | خوێند | — |
| — | خوێند + | ووە[1] |
| — | خوێند + | بوو |
| دە | + خوێند | — |

**بە کورتی :**

**فرمانی ڕابوردوو کارێکە دەدرێتەپاڵ شتێ یا کەسێكو لە کاتی ڕابوردوودا ڕوویداوە •**

## ڕاهێنانی

## ( ١ )

چەند فرمانی ڕابوردوو لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەیە سەروهێڵ بەژێریاندا بهێنە :

١ ـ شارەکانی عیراقم یەکە یەکە دیوە •

٢ ـ خەسرەو چووبوو بۆ دهۆك •

٣ ـ بەردەکە کەوت بەدەستمدا •

٤ ـ کە من چووم ، هیوا خەریك بوو ، دەڕۆیشت •

٥ ـ ئاشەوان باراش دەهاڕێت •

٦ ـ شۆڕش ژمارەیەکی زۆر کارگەو پڕۆژەی کشتوکاڵی دامەزراندووە •

---

(١) لەدوای پیتی بزوێنەوە تەنیا ( وە ) بەکاردەهێنرێت • وەك :
سووتا سووتاوە

( ٢ )

آ ـ ڕژا

ب ـ ڕژاوه ، ڕژابوو ، دەڕژا .

تۆش ئەم فرمانە ڕابوردووانەی خوارەوە وەك وێنەی ب ـ لێ بکە :

شێوا ، هاڕی ، تەپی ، چوو ، هەڵخست .

( ٣ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە بە یەکێ لەم فرمانانە پڕ بکەرەوە :

ڕۆییشت ، هاویشت بوو ، نوێژت دەکرد ، ڕاوەستابووم ، دەچوون .

١ ـ من لە سەربانەکە .. .

٢ ـ تۆ لەسەر کانی یەکە .....

٣ ـ ئەو بەناو قەرسیلەکەدا .....

٤ ـ ئەوان بۆ کەرکوك .....

٥ ـ پاپۆڕەکە لە گوێی دەریاکە لە نگەری .....

( ٤ )

بکەرو فرمانو تەواوکەر لەم ڕستانەدا دەربهێنە :

١ ـ گەزۆ لە خوایی یەوە شەو دەبارێتە سەر گەڵا .

٢ ـ لادێ یی یەکان گەڵاکان بە تووڵەکانیانەوە دەبڕن .

٣ ــ گەلاكان لەبەر خۆر دادەنرێن ٠
٤ ــ گەلاكان لەبەر خۆر ووشك دەبنەوە ٠
٥ ــ لادێییەکان گەلاکان لەسەر مەوجێك دەتەکێنن ٠
٦ ــ گەزۆ دۆشاوی لێ دروستدەکرێت ٠

( ٥ )

ئەم فرمانە ڕابوردوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

هەڵدەکەند ، کڕەکــــردووە ، زا ، نووسیتبوو ٠

(٦)

آ ــ وێنەیێك لە شی کردنەوە :

کاوە شووشەی پەنجەرەکەی شکاندبوو ٠

کاوە : بەشی نیهادە ، بکەرە ٠

شووشەی پەنجەرەکەی شکاندبوو : بەشی گوزارەیە

شووشەی پەنجەرەکە : تەواوکەرە ٠

ی : ڕاناوە ٠

شکاندبوو : فرمانی ڕابوردووە ٠

ب ــ تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە وەك وێنەی ( آ )
شی بکەرەوە :

١ ــ پشیلەکە گۆشتەکەی خواردووە ٠
٢ ــ نەسرین لەسەر بانیژەکە دانیشتبوو ٠
٣ ــ فڕۆکەکە بەسەر شارەکەدا دەگەڕا ٠

# لێکدانەوەی ووشـەکان

| | | |
|---|---|---|
| دەریا | : | بەحر |
| لەنگەری هاویشت | : | ڕاوەستا |
| تووڵ | : | طـا |
| خۆر | : | رۆژ = هەتاو |

## ٢ ـ فرمانی ڕانەبوردوو

**چی دەکەیت ؟**
**ـ ئەرکەکانم دەنووسم ·**
**لەپاشدا چی دەکەیت ؟**
**تۆزێ یاری دەکەم ·**

★ ★ ★

لەم ڕستانە وورد ببەرەوە دەبینیت ، ئەو فرمانانەی کە تیایاندایە هەموویان کارێ پیشان دەدەن کە لە کاتی ئاخاوتن یا دوای ئاخاوتن ڕوودەدەن :

ئەگەر قوتابی یەکت دی لە باخێکدا دانیشتبوو خەریك بوو ئەرکەکانی خۆی دەنووسی یەوەو لێت پرسی ئەوە چی دەکەیت ؟ مەبەست ئەوەیە کە ئێستا ( واتە : لە کاتی گفتوگۆ کردندا ) چی دەکەیت ؟ · کە ئەویش وەرامت دەداتەوە ( ئەرکەکانم دەنووسم ) مەبەستی ئەوەیە کە ئێستا لە کاتی ئاخاوتندا ( دەیان نووسم ) ·

بەڵام ئەگەر دووبارە لێت پرسی یەوە ( ئەی لە پاشدا چی دەکەیت؟ ) تۆ مەبەستت ئەوەیە کە بزانیت لە ئایندەدا واتە لە دوای ئاخاوتن چی دەکات · ئەویش کەلە وەرامدا

دەڵێت ( تۆزێ یاری دەکەم ) هەر مەبەستی ئەوەیە لە ئایندەدا واتە لە دوای ئاخاوتن یاری دەکات • لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت :

١ ـ فرمانی ( دەنووسم ) ووشەیێکی بنچینەیی‌یە لە ڕستەکەداو کارێ پیشان دەدات کە لە کاتی ئاخاوتندا ڕووبدات ، بۆیە پێ‌ی‌دەگوترێت ( فرمانی ڕانەبوردوو ) •

٢ ـ فرمانی ( یاری‌دەکەم ) ووشەیێکی بنچینەیی‌یە لە ڕستەکەداو کارێ پیشان دەدات کە لە دوای ئاخاوتن ڕوو دەدات بۆیە پێ‌ی‌دەگوترێت ( فرمانی ڕانەبوردوو ) •

**بە کورتی :**

**فرمانی ڕانەبوردوو کارێکە دەدرێتەپاڵ شتێ یا کەسێكو لەکاتی ئاخاوتن یان دوای ئاخاوتن ڕوودەدات•**

## ڕاهێنانی

## ( ١ )

ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە لە پاشا سەرەهێڵ بەژێر هەرچی فرمانێکی ڕانەبوردوودا هەیە ، بهێنە

١ ـ دەچم بۆ سەیران •

٢ ـ وا نووسراوەکە بۆ دانا دەنووسم ٠
٣ ـ شەو زوو دەنووم و ڕۆژ زوو هەڵدەسم ٠
٤ ـ بە یەکێتی ، سەربەستی دەبێت ٠
٥ ـ شاناز لەکارگەی چنین ئیش دەکات ٠
٦ ـ لە بەهارا کوردستان تارای[1] ڕەنگین دەپۆشێت ٠
٧ ـ لەهاویندا میوە پێدەگات ٠

( ٢ )

ئەم فرمانە ڕانەبوردووانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :
دەڕۆم : دەخلیسکێت ، دەنووسێت ٠ دەبەخشن ، دەخوات ، لەبەردەکات ، یارمەتی دەدات ٠

( ٣ )

ئەم فرمانە ڕانەبوردووانە بکە بە فرمانی ڕابوردوو :
هەڵدەچنێت ، دەسڕێت ، دادەگرم ، دەشێلێت، دەچێنێت ، دەتەکێنێت ، دەخوسێنێت ، دەشلەقێنێت ٠

( ٤ )

آ ـ وێنەیێك لە شیکردنەوە :
خەسرەو دارەکان هەڵدەچنێت ٠
خەسرەو : بەشی نیهادە ٠ ناوە ، بکەرە ٠
دارەکان : ناوە ، تەواوکەری فرمانە ٠

---

(١) تارا : خێلی

هەڵدەچنێت: فرمانی ڕانەبوردووە.

ێت: ڕاناوی لکاوە شوێنی (خەسرەو)ی گرتووە، کە ( بکەر )ە.

ب - تۆش ئەم ڕستانەی خــوارەوە، وەك وێنەی (أ) شی بکەرەوە :

١ - سیروان تەختەکە دەسڕێت.

٢ - پرشنگ نانەکە تەڕدەکات.

( ٥ )

أ - دەچم.

ب - ناچم.

تۆش ئەم فرمانانەی خــوارەوە، وەك وێنەی ( ب ) نەفی بکە :

دەدوێت، دەماڵن، دەچنێت، دەشێلین، دەسڕم.

( ٦ )

هەر فرمانێکی ڕانەبوردوو لــەم پارچە پەخشانەدا دەبینیت، سەرو هێڵ بەژێریاندا بهێنە :

لادێییەکان بە زستانان لەبەر بەرۆچکە دادەنیشن، لە کاروباری خۆیان دەدوێن، لەمەولا بە مەکینە زەوی دەکێڵن، ئــاوی دەدەن، دروێنە دەکەن، لــەدەست چەوساندنەوەو دەرەبــەگ ڕزگاریان دەبێت، حوکمەت دەستیان دەگرێت هــەتــا نــەبن بەژێــر قەرزاریی سووخۆرەکانــەوە.

# فرمانی داخوازی

**کوردینە ، بخوێنن •**

**نازەنین ، گوێ‌بگرە •**

**نەسرین ، پەنجەرەکە دابخە •**

★ ★ ★

لە ڕستەی ( کوردینە ، بخوێنن )دا :

وشەی ( بخوێنن ) کارێکە داخوازی خوێندنی پێ‌دەکرێت لە دوای ئاخاوتن یەکسەر ، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت ( فرمانی داخوازی ) •

★ ★ ★

لە ڕستەی ( نازەنین گوێ بگرە )دا :

وشەی ( گوێ بگرە ) کارێکە داخوازی گوێ‌گرتنی پێ‌دەکرێت لە دوای ئاخاوتن یەکسەر ، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت ( فرمانی داخوازی ) •

★ ★ ★

لە ڕستەی ( نەسرین ، پەنجەرەکە دابخە )دا :

وشەی ( دابخە ) کارێکە داخوازی داخستنی پەنجەرەکەی پێ‌دەکرێت لە دوای ئاخاوتن یەکسەر ، لەبەر ئەوە پێی‌دەگوترێت ( فرمانی داخوازی ) •

**به کورتی :**

**فرمانی داخوازی کارێکه دەدرێته پاڵ شتێ یان کەسی دووەمی تاك و کۆ و داخوازیی ڕوودانی کردەوەیەکی پێ دەکرێت لەدوای ئاخاوتن .**

## ڕاهێنانی

### ( ١ )

ئەم ڕستانەی خوارەوە ، بخوێنەرەوە ، هەرچی فرمانی داخوازییان تێدایە ، سەروهێڵ بەژێریاندا بهێنە :

١ ـ نەسرین ، وەرە ، دابنیشە .
٢ ـ وانەکەت بنووسە ئەنجا بخەوە .
٣ ـ یارمەتیی هەژاران بدەن .
٤ ـ شەوێ زوو بچنەوە بۆماڵێ .
٥ ـ زەوییەکە بکێڵن و بیکەن بەگەنم .
٦ ـ دانەکانتان جوان بشۆن .
٧ ـ لەجەژنی نەورۆزا جلی جوان لەبەربکەن .
٨ ـ دەستەسڕی پاك هەڵبگرە .

### ( ٢ )

ئەم بۆشایییانەی خوارەوە بە فرمانێکی داخوازی پڕبکەرەوە .

١ ـ بەیانیان وەرزش ......

٢ ـ گوێ لە من ٠٠٠٠٠
٣ ـ شێرەکە ٠٠٠٠٠ بەمناڵەکە ٠
٤ ـ جلەکان لە ئاوی پاك ٠٠٠٠٠
٥ ـ ئێوە کەی ٠٠٠٠٠ بۆ بادینان ؟
٦ ـ ئاهەنگێ ٠٠٠٠٠٠ بۆ یادی بێ کەس ٠
٧ ـ ئاگرەکە ٠٠٠٠٠ هەتا لەبەری ٠٠٠٠٠

**( ٣ )**

أ ـ بکرە ٠
ب ـ مەکرە ٠

تۆش ئەم فرمانانە، وەك وێنەی (ب) لێ بکە :

بفرۆشن ، بچن ، بخۆ ، برۆ ، بکەوە ، دابەزە، بنووسن ، بژنەوە ، برێسە ٠

**( ٤ )**

أ ـ دەنووسم ٠
ب ـ نانووسم ٠

تۆش ئەم فرمانە ڕانەبوردوانە ، وەك وێنەی (ب) لێ بکە:
دەوەرێت ، دەسڕێت ، دەخوێنێت ، دەگرم ، دەتاشێت ·

( ٥ )

أ ـ وەستا ·

ب ـ دەوەستێت ، بوەستە ·

تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە ، وەك وێنەی (ب) لێ بکە :

وەرگرت ، هەڵهێنا ، چاند ، خوێند ، کەوت ·

( ٦ )

تەواوکەرێ بۆ ئەم فرمانانەی کە لەم ڕستانەی خوارەوەدان دابنێ :

١ ـ دارا بە ····· یاری دەکات ·

٢ ـ قەساب ····· سەردەبڕێت ·

٣ ـ مانگ بە ····· دەردەکەوێت ·

٤ ـ ····· باران باری ·

٥ ـ قارەمان بۆ ····· چوو ·

٦ ـ بایەکە ······ ی شکاندم ·

٧ ـ وەرزش ····· بەهێز دەکات ·

( ٧ )

أ ـ وێنەیەك لە شی کردنەوە :

چیرۆکەکە بنووسە

چیرۆکەکە : ناوە ، تەواوکەرە ٠

بنووسە : فرمانی داخوازییە ٠

ە : ڕاناوی لکاوە ، بکەرە ٠

ب ـ تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە وەك وێنەی ( أ ) شی بکەوە :

١ ـ مەڕەکە سەرببڕە ٠

٢ ـ هەنارەکە بفرۆشە ٠

٣ ـ دەرگاکە دابخە ٠

( ٨ )

ئەم پارچە نووسینە بخوێنەرەوە ، هەر فرمانێکت بەرچاو دەکەوێت سەروهێڵ بەژێریاندا بهێنە :

# سەیران

لە بەهاردا ،گژوگیا دەردەچن ، دارودرەخت گەڵا دەکەن ، گیانلەبەر دەبووژێنەوە ، ئاو دەژێتەوە ، دەرو دەشت سەوزو ڕەنگین دەبن ، سەرما دەشکێت ، هەموو کەسێ ئارەزووی گەشتوگوزار دەکات،لەهەمولایەکەوە سەیران دەست پێدەکرێت ، لەناو کوردەواریدا هەموو چوارشەمەیەك دەستە دەستە کوڕو کچ بەرگی جوان لەبەردەکەن ، خواردەمەنی لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرنو ڕوودەکەنە دەشت ، کانیو ئاوێك ، جێ نزارێکی خۆش دەدۆزنەوەو لەوێ بە بەزمو خۆشی هەتا ئێوارێ ڕادەبوێرن .

# فــرمــان

## فرمانی تێنەپەڕ ـ فرمانی تێپەڕ

( أ )

**١ ـ فەرهاد هات .**

**٢ ـ نەمامەکە ڕوا .**

( ب )

**١ ـ بازرگان کوتاڵ دەفرۆشێت .**

**٢ ـ شوان مەڕ دەلەوەڕێنێت .**

* * *

١ ـ ئەگەر **سەرنج** بدەینە ڕستەکانی بەشی(أ) ، دەبینین هەر ڕستەیەیان لە بکەرێكو فرمانێك پێك **هاتووە**و فرمانەکە توانیویەتی بەتەنیا واتای ڕستەکە تەواو بکاتو مەبەستی ڕستەکەش بەدەستەوە بدات بەبێ ئەوەی ئەرکەکەی لەبکەرەکەیەوە تێبپەڕێتە سەر کەسێ یاشتێکی تر . ئەنجا ئەو فرمانەی لەڕستەدا وەکوو گوزارەیەك دەدرێتە پاڵ نیهادێكو بەتەنیا واتای ڕستەکە تەواو دەکاتو ئەرکەکەی لە بکەرەکەیەوە تێ ناپەڕێتە سەر کەسێ یا شتێکی تر پێیدەگوترێت ( فرمانی تێنەپەڕ ) .

٢ ـ ئەگەر **سەرنج** بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین دیسان هەر ڕستەیەیان لە بکەرێكو فرمانێك پێك **هاتووە** ، بەڵام فرمانەکە نەیتوانیوە بەتەنیا واتای ڕستەکەی تەواو بکاتو مەبەستی ڕستەکەش بدات بە دەستەوە بەڵکو ئەمە بەیاریدەی ووشەی (کوتاڵ) لە ڕستەی یەکەمو **ووشەی** (مەڕ) لە ڕستەی دووەمدا پـێ کراوە ، لەبەر ئـەوە ئەرکەکەی ( ئـەرکـی فرمانەکە ) لە بکەرەکەیەوە تێ پەڕیوەتە سەر کەسێ

یا شتێکی تر . ئەنجا ئەو فرمانەی لە ڕستەدا وەکوو گوزارەیەك دەدرێتە پـــاڵ نیهادێكو بەیاریـدەی وشەیەکی تـــر واتای رستەکەی تەواو دەکـاتو ئەرکەکەی لە بکەرەکەیەوە تێ دەپەڕێتە سەرکەسێ یا شتێکی تر پێی دەگوترێت (فرمانی تێپەڕ) .

( ١ )

لەم ڕستانەدا فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕ دەربهێنە :

١ ـ شێر لە بێشەدا دەژی .

٢ ـ پشیلە جووجەڵە دەخوات .

٣ ـ پیازەکە پیشا .

٤ ـ قارەمان دانیشت .

٥ ـ ئەو هەنار دەکڕێت .

٦ ـ چێشتەکە هەڵچوو .

٧ ـ بابیز پێ دەکەنێت .

٨ ـ مریشك جووجەڵە هەڵدەهێنێت .

٩ ـ باران باری .

١٠ ـ خوێن خواردەمەنی بە ئەتەمەکانی[1] دەگەیەنێت .

( ٢ )

ئەم بۆشاییانە بە فرمانێکی تێنەپەڕ پڕبکەرەوە :

١ ـ دۆی ناوکاسەکە بەسەر دۆشەکەکەدا .....

٢ ـ ئاشەکە لەگەڕ .....

٣ ـ خانووەکە .....

(١) ئەتەم : الانسجة

٤ ـ پرشنگ لەسەر بانیژەکە ٠٠٠٠٠
٥ ـ کاڵەکەکە لەجەواڵەکەدا ٠٠٠٠٠
٦ ـ گەڵای دارەکان لەپاییزدا ٠٠٠٠

( ٣ )

ئەم بۆشایییانەی خـوارەوە بە یـەکێ لەم فرمانە تێ پەڕانە پڕ بکەرەوە :
سەردەبڕێت ، دەکات ، دەوێـت ، دەخوێنێـتەوە ، دەگەیەنێت ٠

١ ـ خواردەمەنیی ڕزیو ددان کرمێ ٠٠٠٠
٢ ـ خوێن خواردەمەنی بەسێڵەکانی[١] لەش ٠٠٠٠
٣ ـ قەساب مەڕ ٠٠٠٠٠
٤ ـ کاوە بەیانیان ڕۆژنامە ٠٠٠٠٠
٥ ـ سەرباز نیشتمانی خۆی خۆش ٠٠٠٠٠

( ٤ )

سەروهێڵ بەژێـر ئەو فرمانانەدا بهێنـــە کە لەم ڕستانەدا هەن :
١ ـ ئێوە پیـاوی دوا ڕۆژی ئـەم گەلەن ، تێ بکۆشن، بخوێنن ، یەك بن ، نیشتمانی خۆتان خۆش بوێت ، گەلەکەی خۆتان و هەموو گەلانی ترتان خۆش بوێت ٠
٢ ـ کوردەکان ڕانك و[٢] چۆغە لەبەردەکەن ، مشکی[٣] دەبەستن ، پشتێن لـــە پشت دەبەستن ، کڵاشی

(١) سێل : خلیة
(٢) ڕانك و چۆغە : شەل و شەبك
(٣) مشکی : پۆشی

هەورامان لەپێ دەکەن ، خەنجەر دەکەن بەبەریاندا •

٣ ـ خواردن لە دەمـەوە دەچێتە بۆڕیی خواردن ، ئەنجا دەچێتە گەدە[١] ، لەوێ هەرس دەبێتو تلپەکەی بە ریخۆڵەدا دەروا وە دەچێتە دەرێ •

(٥)

آ ـ شـکا •

ب ـ شکاند •

تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە وەك وێنەی (ب) لێ بکە، لەپاشاندا لە مامۆستاکەت بپرسـە جیاوازی نێوانیـان چی یە ؟

سووتا ، پیشا ، خوسا ، ڕژا ، دڕا ، گلا ، شێوا •

(٦)

آ ـ سوارەکە گلا[٢] •

سوارەکە : بەشی نیهادە ، بکەرە •

گلا : بەشی گوزارەیە ، فرمانی ڕابوردووە •

ب ـ تۆش ئـەم ڕسـتانەی خـوارەوە وەك وێنـەی (آ) شی بکەرەوە :

١ ـ چێشتەکە ڕژا •

٢ ـ پیازەکە پیشا •

٣ ـ کراسەکە دڕا •

---

(١) گەدە : معدة

(٢) گلا : کەت

## ١ - ڕاناوی سەربەخۆ[١]

**من زەوی یەکەم کێڵا •**
**بارام لە خوێندندا بە ئێمە ناگات •**
**دوێنێ تۆم لە بازاڕ دی**
**پێنووسەکەی دارا بە ئێوەیە •**
**پێڵاوەکەی ئەو نوێیە •**
**پەڕتووکەکەم بە ئەوانە**

★ ★ ★

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستانەی سەرەوە، دەبینین :

ووشەی ( من ) لە ڕستەی ( من زەوی یەکەم کێڵا )دا ، سەربەخۆ دەبێژرێتو لەجێی ئەو کەسە بەکارهێنراوە ، کە دەدوێت •

ووشەی ( ئێمە ) لەڕستەی ( بارام لە خوێندندا بە ئێمە ناگات )دا، سەربەخۆ دەبێژرێتو لەجێی ئەو کەسانە بەکارهێنراوە ، کە دەدوێن •

ووشەی ( تۆ ) لە ڕستەی (دوێنێ تۆم لە بازاڕ دی)دا، سەربەخۆ دەبێژرێتو لەجێی ئەو کەسە بەکارهێنراوە ، کە دەدوێنرێت •

ووشەی ( ئێوە ) لە ڕستەی ( پێنووسەکەی دارا

---

(١) الضمير المنفصل

بەئێوەیە )دا ، سەربەخۆ دەبێژرێتو لەجێی ئەو کەسانە بەکارهێنراوە ، کە دەدوێنرێن٠

ووشەی (ئەو) لە ڕستەی (پێلاوەکەی ئەو نوێیە)دا، سەربەخۆ دەبێژرێتو لەبری ئەو کەسە بەکارهێنراوە ، کە لێی دەدوێین ٠

ووشەی (ئەوان) لە ڕستەی (پەڕتوکەکە بە ئەوانە)دا، سەربەخۆ دەبێژرێتو لە جیاتی ئەو کەسانە بەکارهێنرا ، کە لێیان دەدوێین ٠ لەم لێکۆلینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت ، کە :

**بە کورتی :**

**ڕاناوی سەربەخۆ : ئەو ڕاناوەیە ، کە لە ڕستەدا سەربەخۆ دەبێژرێتو لەبری کەسێ ، یا کەسانێ بەکاردەهێنرێت کە بدوێ،یا بدوێنرێت، یا لێی بدوێن٠ وە لە ڕستەدا دەبێتە :**

**١ ـ بکەر**
**٢ ـ تەواوکەری ناو**
**٣ ـ تەواوکەری فرمان**

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | ئێمە |
| دووەم | تۆ | ئێوە |
| سێیەم | ئەو | ئەوان |

## ڕاهێنانی

( ١ )

لەم ڕســـتانەی خوارەوەدا چەند ڕاناوی سەربەخۆ هەیە سەروهێڵ بەژێریاندا بهێنە :

١ ـ ئێمە دڵسۆزی میللەتین •
٢ ـ کراسەکەی من لە هی تۆ جوانترە •
٣ ـ ئەوان بە پێ بۆ لادێ دەچن •
٤ ـ باخەکەی ئێوە دوورە •
٥ ـ دەنگی ئەو لە ژوورەکەدا دێت •

( ٢ )

ئەم بۆشایی یانە بە ڕاناوێکی سەربەخۆ پڕبکەرەوە •

١ ـ ••••• نیشتمان پەروەرم •
٢ ـ •••• هەموو سەربازی ئەم وولاتەین •
٣ ـ ••••• بخوێنە ، تا بە ئاوات بگەیت •
٤ ـ ••••• پیاوی دوا ڕۆژی میللەتی کوردن •
٥ ـ ••••• لە پێناوی گەلدا گیانیان بەختدەکەن •

( ٣ )

خۆت ئەم ڕاناوە سەربەخۆیانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە:

ئێمە ، تۆ ، ئەوان ، من ، ئەو ، ئێوە •

( ٤ )

ڕاناوی ( ئێمە ) لەسێ ڕســـتەدا بەکاربهێنە ، بە

مەرجێ لەیەکەمیاندا ببێتە بکەر ، لە دووەمیاندا ببێتـە تەواوکەری فرمان ، لە سێیەمیاندا ببێتە تەواوکـەری بکەر ٠

( ٥ )

ڕاناوێکی سەربەخۆ بخەرە جێی ئەو ناوانەی کە لەم ڕستانەی خوارەوەدا بکەرن :

١ ـ جووتیارەکان کێڵگەکەیان کێڵا ٠

٢ ـ فیل حەز لە مەلەکردن دەکات ٠

٣ ـ چۆلەکەکان فڕینە سەر دارەکە ٠

٤ ـ پەڕتووکەکە سووتا ٠

( ٦ )

آ ـ وێنەیەك لە شی کردنەوە :

ئەو هەنار دەکڕێت ٠

ئەو : بەشی نیهادە ، ڕاناوی سەربەخۆیە ، بکەرە ٠

هەنار دەکڕێت : بەشی گوزارەیە ٠

هەنار : ناوە ، تەواوکەری فرمانی ( دەکڕێت )ە ٠

دەکڕێت : فرمانی ڕانەبوردووە ٠

ێت : ڕاناوی لکاوە دەکەڕێتەوە بۆ ئەو کە (بکەر)ە ٠

ب ـ تۆش ئەم ڕستانە وەك وێنەی (آ) شی بکەوە :

١ ـ من بۆ شارەزوور دەچم ٠

٢ ـ کەوەکەی تۆ باش دەخوێنێت ٠

# لێکدانەوەی ووشەکان

| | |
|---|---|
| مـن | ئەز ، من |
| ئێمـە | ئەم |
| ئێوە | هوین ، وە |
| ئەوان | وان |
| هی ی تۆ | تێتە |
| ڕاناو | بەرناف |
| بەخت | پێش مەرك |
| بەمەرجێ | بشەرتێ |

## ٢ – ڕاناوی لکاو[1]

**کراسەکەم بۆ بکڕە .**

**هەنارەکەمان خوارد .**

**دارا دەرگاکەی کردەوە .**

**منداڵەکان هاتن .**

**چیرۆکەکەت خوێندەوە .**

**کەی پەنجەرەکەتان داخست ؟**

★ ★ ★

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕستانەی سەرەوە ، دەبینین :

وشەی ( م ) لە ڕستەی ( کراسەکەم بۆ بکڕە)دا ، لەبری کەسێ بەکارهێنراوە ، کە دەدوێت . بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێت ، لەگەڵ ووشەیێکی تردا نەبێت ، پێی دەگوترێت ( ڕاناوی لکاو ) .

★ ★ ★

ووشەی ( مان ) لە ڕستەی ( هەنارەکەمان خوارد)دا ، لەجیاتی کەسانێ بەکارهێنراوە ، کە دەدوێن . بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێت لەگەڵ ووشەیێکی تردا نەبێت ، پێی دەگوترێت (ڕاناوی لکاو ) .

---

(١) الضمير المتصل

ووشەی (ی) لە ڕستەی ( دارا دەرگاکەی کردەوە)دا، لەجێی ئەو کەسە بەکارهێنراوە ، کـە لێی دەدوێین • بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێتو دەخرێتـــە پاڵ ووشەیێکی‌تر پێی دەگوترێت ( ڕاناوی لکاو ) •

★ ★ ★

ووشەی (ن)ی دوای فـرمانی ( هات ) لە ڕستەی (منداڵەکان هاتن)دا، لە بری ئەو کەسانە بەکارهێنراوە، کە لێیان دەدوێین • بەڵام لەبەر ئـەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێتو دەخرێتە پاڵ ووشەیێکی‌تر پێی دەگـوترێت ( ڕاناوی لکاو ) •

★ ★ ★

ووشەی (ت) لە ڕستەی (چیرۆکەکەت خوێندەوە)دا، لەجیاتی ئەو کەسە بەکـــارهێنراوە ، کە دەدوێنرێت • بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێـتو دەخرێتـە تەك ووشەیێکی‌تر پێی دەگوترێت ( ڕاناوی لکاو ) •

ووشەی ( تان ) لە ڕستەی ( کـەی پەنجەرەکەتان داخست ؟ )دا ، لە بری ئەو کەسانە بەکارهێنراوە ، کە دەدوێنرێن • بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێتو دەخرێتە پاڵ ووشـــەیێکی‌تر پێی دەگوترێت ( ڕاناوی لکاو ) •

لەم لێکۆڵینەوەیە ، بۆمان دەردەکەوێت کە :

**بە کورتی :**

**ڕاناوی لکاو : ئەو ڕاناوەیە ، کە ناتوانرێت بەتەنیا ببێژرێت ئەگەر نەخرێتەپاڵ ووشەیێکی‌تر • وەهەرگیز ڕستەی پێ دەست پێ ناکرێت ، وەلەبری کەسێ ، یا کەسانێ بەکاردەهێنرێت ، کە بدوێت ، یا بدوێنرێت ، یا لێی بدوێین • وە لە ڕستەدا دەبێتە :**

**١ ـ بکەر**

**٢ ـ تەواوکەری ناو**

**٣ ـ تەواوکەری فرمان**

## ڕاهێنانی

## ( ١ )

ئەم ڕستانە بخوێنەرەوە ، لە پاشاندا ، هەرچی ڕاناوێکی لکاوی تیا دەبینی ، هێڵێ بەژێریاندا بهێنە :

١ ـ مەڕەکەم بە کوڕەکەی کاکەبرا فرۆشت •

٢ ـ بۆیان بەرە ، بەلاّم زوو بۆمان بهێنەرەوە •

٣ ـ کەواکەت دامێنەکەی [1] شۆڕە •

٤ ـ گوندەکەتان لە گوندەکەیان گەلێ خۆشترە •

٥ ـ گەنمەکەم بە تەنەکە پێوا ، هەشت تەنەکە دەرچوو •

---

١) دامێن : دانگ

## ( ٢ )

أ ـ خوێندم •

ب ـ چیرۆکەکەم خوێند •

نوسی تەواوکەرێك بۆ ئەم فرمانانەی خوارەوە ، وەك وێنەی ( ب ) دابنێ ، وە بزانە ڕاناوە لکاوەکە چۆن لە فرمانەکە دەکرێتەوەو بە تەواوکەرەکەوە دەلکێنرێت •

شکاندمان ، خواردتان ، سووتاندی ، فرۆشتم ، کڕاندیان ، فڕاندت •

## ( ٣ )

| ( أ ) | ( ب ) |
|---|---|
| ڕاناوی سەربەخۆ | ڕاناوی لکاو |
| مـن | م |
| ئێمە | ...... |
| تـۆ | ...... |
| ئێوە | ...... |
| ئـەو | ...... |
| ئەوان | ...... |

تۆش ئەو بۆشاییی‌یانـــەی ڕیزی (ب) بەڕاناوێکی لکاو پڕ بکەرەوە ، بە مەرجێ کە لەتەك ڕاناوە سەربەخۆ ـ کەی بەرانبەری بگونجێت کە لە ڕیزی (أ) دا هەیە ٠

( ٤ )

أ ــ خواست ٠

ب ــ خواستم ، خواستمان ٠

خواستت ، خواستتان ٠

خواستی ، خواستیان ٠

تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە ، وەك وێنـەی ( ب ) لێ بکە :

چاند ، فرۆشت ، برد ، گروو ، خست ٠

( ٥ )

ئەم فرمانانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

هەڵوەری ، پسابوو ، دەڕووشا ، بنوێنە ، دەکەوێت ٠

( ٦ )

أ ــ هـــات

ب ــ هاتم ، هاتین ، هاتیت ، هاتن ، هات ، هاتن ٠

تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە ، وەك وێنەی ( ب ) لێ بکە :

کەوت ، چوو ، مرد ، نووست ، بوو

( ٧ )

أ ـ وێنەیێك لە شی کردنەوە :

بۆ دهۆك چووم
چوو : فرمانی ڕابردووە
م : ڕاناوی لکاوە ، بکەرە ٠
بۆ : ئامرازی پەیوەندی یە ٠
دهۆك : ناوە ، تەواوکەرە ٠

ب ـ تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە ، وەك وێنەی (أ) شی بکەوە :

١ ـ هاتم بۆ ئەوێ ٠
٢ ـ بەرخەکەمان برد بۆ دارا ٠
٣ ـ تەختەکەی کرد بەدەرگا ٠

( ٨ )

ئەم ڕاناوەلکاوانە لەبری چ ڕاناوێکی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن :

١ ـ م ٠
٢ ـ مان ، ین ٠
٣ ـ ی ( یت ) ٠
٤ ـ تان ، ن ٠
٥ ـ ێ ( ێت ) ٠
٦ ـ یان ، ن ٠

# ڕاهێنانی گشتی

## ( ١ )

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ، بکەرو فرمانو تەواوکەر دەربهێنە :

١ ــ هەموو ساڵێ میللەتی کورد لە ٢١ی مارتدا دەی کات بە جەژنی نەورۆز ٠

٢ ــ مەمو زینی ئەحمەدی خانی لە ساڵی ١٩٢١دا لە ئەستەموول لە چاپ درا ٠

٣ ــ ئەو بۆ قوتابخانە دەچێت ٠

٤ ــ دوانزە سوارەی مەریوان جێی شانازیی میللەتی کوردن ٠

٥ ــ زەنگەکە لێ‌درا ، قوتابی‌یەکان چوونە ژوورەوە ٠

٦ ــ من کرێکارم لە کارگەی ئاسن ٠

٧ ــ شۆڕش نەوتی عیراقی لە ١ ی حوزەیران دا خۆماڵی کرد ٠

## ( ٢ )

ئەم بۆشایی‌یانە پڕبکەرەوە :

١ ــ پشیلە ٠٠٠٠٠ شێر ٠

٢ ــ ٠٠٠٠٠ پارێزگاریی نیشتمان دەکەن ٠

٣ ــ ٠٠٠٠٠ لە ناوجەرگەی كوردستاندایە ٠
٤ ــ جووتیارەكان ٠٠٠٠٠ بەخێودەكەن ٠
٥ ــ دەسكە گولەكەم خستە ٠٠٠٠٠٠ گوڵدانەكەوە ٠
٦ ــ ٠٠٠٠٠ بۆ قوتابخانە نەچووم ٠

## ڕاهێنانی (٣)

وەرامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە :

١ ــ لەباخەكەی ئێوەدا چەند جۆر گوڵ هەیە ؟
٢ ــ كەی سوپای عێراق هەڵی كوتایە سەر كۆشكی شاهانە ؟
٣ ــ كێ لە كۆنگرەی ئاشتیی (١٩١٨)دا نوێنەری میللەتی كوردبوو ؟
٤ ــ ئایا شۆڕشی ١٧ی تەموز بایەخ بە نەهێشتنی نەخوێندەواری دەدات ؟
٥ ــ كەی ڕۆژ ئاو دەبێت ؟
٦ ــ كەروێشك چۆن دەڕوات ؟
٧ ــ ڕێوی یەكە لە كوێ خۆی شاردبووەوە ؟

٨ ــ ئەمانە چین لێرەدا دانراوون ؟
٩ ــ دایك چی بە منالْ دەدات ؟
١٠ ــ عیراق کەی لە چنگ ئیستیعمار ڕزگاری بوو ؟

## ( ٤ )

لەم ڕستانەدا فــرمانی ڕابوردوو ، ڕانەبوردوو ، داخوازی دەربهێنە ، لەگـەڵ ئەو ڕاناوەی کــە پێوەی لکێنراوە :

١ ــ لە کێڵگەکەدا هەشتاو چوار جوو تیار کاردەکەن .
٢ ــ کەدیم ، پێم ووت نەچین بۆ هەولێر .
٣ ــ دوێنێ لە ڕادێودا گوێم لە ووتارێکی باش بوو .
٤ ــ تاوانبارەکان درانە بەر گوللە
٥ ــ من یارمەتی ی داماوان دەدەم .
٦ ــ سبەینێ بچۆ بۆ بازاڕ ، هەندێ سێو بکڕە .
٧ ــ قەسابەکە دوو بەرانی سەربڕی .
٨ ــ ئەمانە بگرە ، هەتا خۆم کۆدەکەمەوە .
٩ ــ من زمانی کوردیتان فێردەکەم .
١٠ ــ وەرە لە تەنیشتمەوە دابنیشــە ، گوێ لە ڕادیۆ بگرە .

## ( ٥ )

لەم ڕستانەدا بەشی نیهادو گوزارە دەربهێنە :

١ ــ منالەکە لە جۆلانەکەدا لەسەربان خەوی لێ کەوت .
٢ ــ سەبەتەیەك هەرمێم بە کارگوزارەکەدا نارد .

٣ ـ لێواری گۆزەکە بە دەستمەوە شکا .
٤ ـ بلبلێکم دی ، لەسەر چلێ دەیخوێند .
٥ ـ باوکم ترێو هەنجیرو قۆخی کڕیوە .
٦ ـ کەی دەستپێکرا بەهەلپەی نەهێشتنی نەخوێندەوای .

**( ٦ )**

سەروهێڵ بەژێر ڕاناوە سەربەخۆکانی ناو ئەم ڕستانەدا بهێنە :

١ ـ من چووم بۆ ڕاوەماسی .
٢ ـ پێریێ خەرمانەکەمان[١] هەڵگرت .
٣ ـ ئێوە ئەگەر هاتن بۆ بەغدا ، سەرێکمان لێ بدەن .
٤ ـ ئێمە لە قوتابخانە زمانی کوردیو عەرەبی دەخوێنین .
٥ ـ ئەوان هەتا گەیشتنە سەر ڕووبارەکە ، تۆ پەڕیبوویتەوە[٢] .
٦ ـ تۆ ئەمە بە من بڵێ .
٧ ـ ئەوەی کە بم ناسێت ، سڵم[٣] لێ ناکاتەوە .
٨ ـ تۆ کەی بەرخەکەت بە قەسابەکە فرۆشت ؟

**( ٧ )**

أ ـ بەران .
ب ـ بەرانان ، ئەم بەرانانە ، ئەو بەرانانە .

---

(١) خەرمان : بیدر
(٢) پەڕییەوە : دەربازبی
(٣) سڵ کردن : پارازکردن

تۆش ئەم ناوانەی خوارەوە وەك وێنەی (ب) لێ بکە :
درەخت ، چەم ، پۆل ، کراس ، سێو .

## (٨)

ئەم فرمانانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :
تەپی ، خووسا ، دەنێژێت ، دەڕژێت ، بسڕە ، بنوون .

## (٩)

أ ـ پشتێنەکە[١] .
ب ـ پشتێنەکەم ـ پشتێنەکەمان .
پشتێنەکەت ـ پشتێنەکەتان .
پشتێنەکەی ـ پشتێنەکەیان .
تۆش ئەم ناوانەی خوارەوە ، وەك وێنەی ( ب ) لێ بکە :
باخەکە، نێچیرەکە ، پێنووسەکە ، ئەسپەکە ، کوڕەکە .

## ـ کۆتایی ـ

(١) پشتێن : شوتك

# فەرهەنگی ئەم ڕێزمانە

| ووشەی کوردی | ووشەی عەرەبی | ووشەی کوردی | ووشەی عەرەبی |
|---|---|---|---|
| نیهاد | مسندالیه | تێپەڕ | متعدی |
| گوزاره | مسند | ئامراز | أداة |
| تەواوکەر | المتمم ، الزیادە | ڕاناوی سەربەخۆ | ضمیر منفصل |
| بکەر | فاعل | ڕاناوی لکاو | ضمیر متصل |
| فرمان | فعل | کەس | شخص |
| ڕابوردوو | ماضی | بکۆ | متکلم |
| رانەبوردوو | مضارع | بشنەو | مخاطب |
| داخوازی | الطلب | بزر | غائب |
| تێنەپەڕ | لازم | | |

Imprimé en France

*Don de la Fondation France-Libertés,*
*de l'Institut Kurde de Paris*
*et du Norwegian Labour Movement*



* ئەنستیتووی کورد لە پاریس و فۆندانسیۆنی فەرەنسا - ئازادی و جوولانەوەی کرێکارانەی نەرویجی ، ئەم پەرتووکەیان پێشکەش بە منداڵانی کوردستان کردووە .